## مێژووی ئەنفلۆنزای ئیسپانی

## وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: حسێن محمد

## مێژووی ئەنفلۆنزای ئیسپانیی

پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانی توندترین پەتای جیهانی بووە لەم سەردەمانەی دواین دا. هۆکارەکەشی ڤایرۆسی(H1N1) بووە، لەگەڵ ئەو بۆهێڵانەی لەبنەچەدا لە پەلەوەردا هەن. زانایان لەبارەی کاتی درووست بوونی ڤایرۆسەکەوە هاو بۆچوون نین، بەڵام لە ساڵی ١٩١٨ بۆ ١٩١٩ بە دونیادا بڵاوبوویەوە. یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە وەرزی بەهاردا لەنێو سوپادا لە ساڵی ١٩١٨دەستنیشان کرا.

بەپێی خەمڵاندنەکان نزیکەی ٥٠٠ملیۆن کەس یان بڵێین سێ یەکی دانیشتووانی جیهان لەو ساڵانەدا تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون. هەر بەپێی خەمڵاندنەکان لای کەم لە سەرتاپای جیهاندا کەس هەر لە ویلایەتە ٥٠ ملیۆن کەس بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە مردن. نزیکەی ٦٧٥٠٠٠ یەکگرتووەکانی ئەمریکادا مردن. ڕێژەی مردن لەکەسانی سەروو ٥ ساڵ و ٢٠-٤٠ ساڵ و ٦٥ ساڵ و بەتەمەنتریش بەرزبوو. ڕێژەی زۆری مردن لەکەسانی بەتەمەندا، لەنێویشیا ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ٢٠-٤٠ ساڵان بوو، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەم پەتا جیهانییە بوو.

لەکاتێکا ڤایرۆسی (H1N1) ساڵی ١٩١٨شیکاریی و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا، ئەو سیفەتانەی وایاندەکرد ئەم ڤایرۆسە زۆر ماڵ وێرانکەر بن، بەباشی نەزانراوبوون. لەگەڵ نەبوونی پێکوتە بۆ خۆپاراستن دژی ئەم ڤایرۆسە و نەبوونی دژە بەکتریا(ئەنتی بایۆتیک) بۆ چارەسەری دووەمی تووشبوون بەبەکتریا کە دەکرێت پەیوەندی بە تووشبوونی ڤایرۆسەوە هەبێت، هەوڵەکانی دەرگیرکردنی(کۆنترۆڵ) لەجیهاندا بەلای دەستاوێژە(وەسیلە) نادەرمانییەکاندا بوون، وەک دابڕاندن و ڤارێزکردنی(کەرەنتینە) نەخۆش و پاکژیی تاک و بەکارهێنانی دەرمانی پاکژکەرەوە و سنووردارکردنی کۆبوونەوەی خەڵک. دیارە ئەمانەش بە ناڕێک و پێکی کاریان لەسەر دەکرا.



خۆبەخشانی خاچی سوور، شاری بۆستن، ماساچوستیس

ویلایەتی ماساچوستیس پزیشک و پەرستاری لێ بڕابوو بەهۆی ئەوەی بۆ خزمەتی سەربازیی بانگهێشت کرابوون. هەروەها چیدیکە بەشی پێویستی دەستەودایرە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خەڵک بۆ چاودێری تەندروستی لە کاتی ئەم پەتا جیهانییەی ساڵی ١٩١٨دا نەبوو. مەککۆڵی پارێزگار داوای لەکەسانی کەتەی ڕاهێنراوی بواری پزیشکیی کرد لە سەرتاپای ویلایەتدا تا بێن و بەرەنگاری ئەو پەتا جیهانییە ببنەوە. خۆبەخشانی خاچی سووری نێودەوڵەتی لەبۆستن دەمامکی هێڵەکیی ئەو پەتایەیان بۆ بەکارهێنان لە کاتی توند بڵاوبوونەوەی لە کامپی دیڤێنس لە ویلایەتی ماساچوستیس ئامادەکرد.





بانگەشەی پەرستارێتی، شاری شیکاگۆ

بانگەشە بۆ کۆلێژی پەرستاری شیکاگۆ، پەرستاران کەلوپەلی پێویستیان نەبوو و داواکاریشیان لە کاتی پەتاکەدا زۆر بوو.



سەرتاشخانەیەکی خۆجێی، شاری سینسیناتی، ویلایەتی ئۆهایۆ

سەرتاشێکی سینسیناتی دەمامکی بەستووە، لەکاتێکا ڕیشی کەسێک دەتاشێت .سەرتاشەکانی سینسیناتی و کارکەرەکانی ئوتێلەکانی نێوشار داوایان لێ کرا دەمامک ببەستن تا هیچ نەبێت ئاوێک بەئاگری ئەو پەتایەدا بکەن.




نیشانەی ئاگاداری بۆ خەڵک لەبارەی پەتایەکەوە، شاری سینسیناتی، ویلایەتی ئۆهایۆ

بۆردێکی ئاگادارکردنەوەی لە کاتی پەتەیەکەدا بۆهۆشیار کردنەوەی خەڵک لەبارەی ڕێگریکردن لە ئەم پەتایە و سییەسۆو (هەوکردنی سی) و نەخۆشی سیل .بەڕێوەبەری تەندرووستی سینسیناتی و قایمقامی شار زوو ئەوەیان خستەڕوو شارەکەیان لەو کاتەدا لەقەیرانی گەورەدا نەبووە. لەڕاگەیاندنەکان وتیان"زۆر هەوڵ دەدەین تا ڕێگری لەم پەتایە بکەین. لێرە ئەم پەتایە نییە. ئەوەی پێویست بووە ویلایەتەکانی تریش بیکەن، ئێمەش وادەکەین، ڕێگری لێدەکەین".



دیمەنی داربەستی خاچی سوور، شاری واشنتن دی.سی

دیمەنی وێستگەیەکی داربەستی فریاکەوتنی خاچی سوور لە شاری واشنتۆن دی.سی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتایەکە. لەگەڵ تەشەنەسەندنی پەتایەکە و زۆربوونی ژمارەی تووشبووان، بەپەلە پەیوەندی بە پەرستارانی ڕاهێنراو و خۆبەخشانی ڕانەهێنراوانەوە کرد تا لەمەڵبەندەکانی فریاکەوتن کاربکەن. لە١٠ی مانگی تشرینی یەکەمدا کۆنگرێسی ئەمریکا بڕی یەک ملیۆن دۆلاری بۆ وەزارەتی تەندرووستی تەرخان کرد تا ١٠٠٠ پزیشک و زیاتر لە ٧٠٠ پەرستاری ناونووس کراو دابمەزرێنن. لەو کاتەدا بەشی پێویست پەرستار نەبوو.



دەرمانسازێک لە شاری واشنتۆن دی.سی

لە کاتی ئەو پەتایەدا، خەڵک بەلێشاو ڕوویان لەدەرمانسازەکان دەکرد تا بڕە دەرمانێک بکڕن، هەوڵیان دەدا چارەیەک بدۆزنەوە.



خۆبەخشانی خاچی سوور، شاری دیترۆیت، ویلایەتی میشیگان

شۆفێران و خۆبەخشانی دیترۆیت لەخاچی سووری ئەمریکی، پشوو وەردەگرن دوای ئەوەی پێداویستییەکان بە قوربانیانی پەتایەکە دەگەیەنن. وەک ئامادەکاریەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتایەکە، خاچی سوور و بەشی پەرستاران پێکەوە هاریکاری دەکەن تا سەردانی ماڵان بکەن و خواردن ئامادەبکەن و چاودێری منداڵان بکەن.



کرێکارێکی پاککەرەوە لەشاری نیۆرک

کرێکارێکی پاککەرەوە لە کاری کارکردندا دەمامکی بەستووە. مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨. کرێکارەکانی پاککەرەوە وەک گۆڕهەڵکەنیش کاریان دەکرد تا قوربانیانی پەتایەکە بنێژن.




دادگای کراوەی پۆلیسی، شاری سانفرانسیسکۆ، ویلایەتی کالیفۆرنیا

کاتێک ژمارەی حاڵەتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە شاری سانفرانسیسکۆدا زیادیان کرد، بۆردی تەندرووستی شار کۆمەڵێک ڕاسپاردەی بۆ دانیشتووانی شار دەرکرد لەسەر چۆنییەتی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی تووشبوون، لەنێوشیانا دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ترۆمبێلی هاتوچۆ لە کاتی پەلەپرۆزێ دا، دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی و گرنگیدان بەپاکژی تاک. بۆ ڕێگریکردن لە قەرەباڵغی ناوشوێنە گشتییەکان، داوەران لە دەرەوە دانیشتنەکانیان ئەنجام دەدا.لەئەگەری هەڵنەوەشانەوەیان، بۆردی تەندروستی داوایکرد هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکان لەشوێنە داخراوەکاندا ئەنجام نەدرێن.



ئەرک ڕاپەڕاندن بە ئیسعاف، شاری سانت لویس، ویلایەتی میسوری

بەشی گواستنەوەی خاچی سوور لە شاری سانت لویسدا کاری ئیسعافی دەکەن لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتایەکەدا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا.




مەودا ژمێری ئەنفلۆنزایەکە ١٩١٧-٢٠٠٩

سەرچاوە: https://archive.cdc.gov/www_cdc_gov/flu/pandemic-resources/1918-commemoration/1918-pandemic-history.htm